## دامەزراوەیەکی رۆژنامەوانی و بلاۆکردنەوەیە

**Xandan for Broadcasting & Publishing**

بەروار/ 5 / 5

**بۆ بەڕێز/ بەڕێوە بەری سایتی کوردستان نێت**

**سلاۆ و ڕێز**

**بەرێز لەماوەی رابردوودا لەسایتەکەتاندا ووتارێك لەسەر بەڕێز( هەڵکەوت عبدلله) ئەندامی دامەزرێنەری دەزگاکەمان (خەندان بۆ پەخش و وەشاندن )بلاۆکرایەوە کەبڕگەیەکی تایبەت بوو بەوەی گوایە کاك هەڵکەوت مووچە لەدەزگای خەندان وەردەگرێت وەك بەرپرسیاریەتییەکی ئیداری و ئەخلاقی واپێویست دەکات کە ئەم روونکردنەوەیە پێشکەش بکە ین:**

**1. کاك هەڵکەوت تەنها لەماوەی بەرایی دامەزراندنی (خەندان)دا بەڕەسمی لەدەزگاکەمان وەك ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوە بردن وسەرپەرشتیاری هونەری کاری دەکرد**

**2ـ لەڕۆژی دەست لەکارکێشانەوەیلەدەزگاکەمان وەك ئوسولێکی ئیداری نەمووچەی بۆسەرف کراوە و نەداوا ی مووچەشی کردووە**

**3ـڕاستە ناوی کاك ( هەڵکەوت ) هەروا بەسەرتایتلی ( ئاسۆ ) وەیە, بەلاّم ئەوە لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوەیە :**

**أ ـ وەك ئەندامێکی دامەزرێنەری دەزگاکە مافی ئەخلاقی وئەدەبی لەخاوەنداریێتی مەعنەوی ئەو دەزگایە پارێزراوە**

**ب ـسەرەڕای ئەوەی کەلەباری ئیدارییەوە هیچ پەیوەندییەکی بەدەزگاکەمانەوە نییە بەلاّم تائێستا , پێشمان وایە لەئایندەشدا هەروا دەبێ ,خۆ بەخشانە بەردەوام هاوبەشیمان دەکات بە پێشکەشکردنی سەرەنج و تێبینییەکانی, ناوبەناویش بەشداری پراکتیکی لە سەرپەرشتی لایەنی هونەری ونەخشەسازی ڕۆژنامەکەمان دەکات ئەمەشیان وەك ئەرکێکی ڕوناکبیری وئیلتزامێکی دۆستانە نەك لەبەرامبەر هیچ پارەو پاداشتێکی مادیدا**

**ئەمەڕاستی پەیوەندی ئەو بەرێزەیە بەدەزگاکەی ئێمەوە و پێچەوانەی ئەمەش لەراستییەوە دوورە**

**ئێمەسوپاسی کاك هەڵکەوت دەکەین بۆ هاوکارییەکانی هەروەك سوپاسی هەموو روناکبیرێکی کورد دەکەین کەدوور لەحیسابی پارەو قازانج خزمەتی بواری رۆژنامەوانی وفەرهەنگی دەکەن**

**لەگەڵ ڕێزماندا**


**ستران عەبدوڵلاّ**

**دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن**



stranabdullah@maktoob.com xandan2004@yahoo.com